www.kurdistannet.org

# تەڵێ وەنەوشە بۆ بەرۆکی مەلا شکور

حەمەسەعید حەسەن

١٩٧٩ تا ١٩٨٢ مامۆستا شکور مستەفا و نووسەری ئەم دێرانە، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتیی نووسەرانی کورد بووین، هەر لە یەکەم دیداردا لێی پرسیم: بە ڕاست تۆ خەڵکی قەرەداغ نیت؟

** بەڵێ، بە چیدا زانیتان؟

* (شیعر هەڵوێستە)کەتم خوێندووەتەوە.(١)

بەو چەند وشەیە فێری کردم، نووسەر دەبێت بە زمانێک بنووسێت، ستاندارد، نەک ناوچەیی.

بەهارێکیان لە سەلاحەدین هەشت نۆ گژوگیای جیاوازم بە دەستەوە بوو، لێم پرسی: مامۆستا ناوی چەندیان دەزانن؟ خۆم ناوی دووانیانم دەزانی، ئەو ناوی هەموویانی گوت.

یاریزانێکی فەرەنسایی کە ١٩٩٨ (ئەو ساڵەی فەرەنسا جامی جیهانی بردەوە،) شانبەشانی زینەدین زیدان گەمەی دەکرد، لە دیمانەیەکدا گوتی: کە پاسێک دەدەم بە زیدان و تۆپەکە دەگاتە لای ئەو، هێندە جوان گەمە دەکات، لە بیرم دەچێتەوە، منیش وەک ئەو لە یارییەکەدام و لەوانەیە هەر ئێستا تۆپەکەم بۆ رەوانە بکاتەوە، ئاخر کە سەرنجی ئەو دەدەم، خۆم لێ دەبێت بە بینەر. هەندێک جار کە نووسینی مامۆستا شکور دەخوێنمەوە، لێی تێناگەم، ئاخر هێندە هونەرمەندانە گەمە بە وشە دەکات، من سەرقاڵی گەمەکە دەکات و بیرم لای ناوەرۆکی نووسینەکەی نامێنێت. یەکێک لەو ڕێگا باشانەی یارمەتیمان دەدەن، بە باشی فێری زمانێک ببین، خوێندنەوەی ڕۆمانە. خوێندنەوەی ڕۆمانەکانی یەشار کەمال، ئەوانەی مامۆستا شکور تەرجومەی کردوون، دەشێت چاکترین ڕێگە بن، بۆ فێربوونی کوردی.

باشترین شێوازی وەرگێڕان ئەوەیە، تەرجومەکراو لە ئۆرگیناڵ بچێت. هەر دەقێک مامۆستا شکور تەرجومەی کردبێت بۆ کوردی، بە موو لەگەڵ ئۆرگیناڵدا جیاوازیی نییە و هیچ لە وەرگێڕان ناچێت و هەر دەڵێی خۆی نووسیویێتی. چونکە هێشتا کورد وەرگێری وەک مامۆستا شکوری تێدا هەڵنەکەوتووە، بریا دەزگایەکی ڕۆشنبیری بۆ ڕێز لێنان لەو وەرگێڕە بلیمەتە و بۆ هاندانی بزووتنەوەی وەرگێڕان، ساڵانە (خەڵاتی شکور مستەفا بۆ وەرگێڕان)ی، بە وەرگێڕێکی سەرکەوتوو دەبەخشی.

ئەو پێشەکییەی مامۆستا شکور بۆ شانۆنامەی (گوێ ئاگردان)ی نازم حیکمەتی نووسیوە،(٢) لە کن من لە شانۆنامەکە بە بایەخترە. لەو پێشەکییەدا بە زمانێک کە سەر لە هەور دەسوێت، بیرەوەرییەکانی خۆی سەبارەت بە شانۆ دەگێڕێتەوە. بیرەوەرییەکانی هێندە دەوڵەمەند و بە پێزن، سەد و یەکی دەرسیان لێوە فێر دەبین. زمانەکەی هێندە شاعیرانەیە، چێژێکمان پێ دەبەخشێت، دەڵێی شیعری گۆران دەخوێنینەوە.

پێش کۆچی دوایی مامۆستا شکور، لە دایکبوونی زمانی یەکگرتووی کوردی خەوێک بوو، بەدیهاتنی زۆر زەحمەت بوو، ئێستا کە ئەو زمانزانە بێ وێنەیە وەفاتی کردووە، سەرهەڵدانی زمانی ستاندارد، لە مەحاڵ دەچێت. ئەو بۆشاییەی شکور مستەفا بەجێی هێشت، بە هیچ کەسێک، پڕناکرێتەوە. وەک چۆن هێشتا جێگای شەکسپیر خاڵییە، کەس دەستی نەگەیشتووە بە داوێنی دەستۆیفسکی، سێرڤانتسێکی تر سەری هەڵنەداوە، گۆتەیەکی دیکە لە دایک نەبووە، چاوەڕوانکردنی شکور مستەفایەکی تریش هەر لە چاوەڕوانکردنی گۆدۆ دەچێت. بریا لە جێی ئەم چەپکەگوڵەی دەیخەمە سەر مەزارت، تەڵێ وەنەوشەم لە بەرۆکت دابا، ئەی مامۆستای مەزن!

2003. 10. 08

(١) شیعر هەڵوێستە، حەمەسەعید حەسەن، چاپخانەی ڕاپەڕین ١٩٧٩ سلێمانی.

(٢) گوێ ئاگردان، نازم حیکمەت، و. لە تورکییەوە: شوکور مستەفا. ڕامان ژ: (٧٠) ئەپریلی ٢٠٠٢ هەولێر.